کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-7-2007 17:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ڕەخنەو ڕەخنە کاری بۆ شێواندنی ئەزموونی دیموکراسی کوردستان و ڕووی جوانی گەلی کورد ... سلێمان پشدەری:**

شتێکی زۆر سەیر ئێستا بووەتە باو لە ناو هەندێ لە کوردستانیان لە دەرەوەی وولآت و ئیسلامیە توندڕەوەکان بەناوی خەڵکانی دیموکراسی و بەرگری لەمافی مرووڤ هێرش و تۆمەتی ناڕەوا دەکرێتە سەر حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی کورد، بەداخەوە میللەتی کورد هێشتا نازانێ مانای دیموکراسی و مافی مرۆڤ چی یە و ڕەخنە چۆن ئەگیرێت، تا ئێستا بەداخەوە هەندێ لە نوسەرانیش وا دەزانن ڕەخنە بە جنێو دان و ناو ناتۆرە دروستکردن ئەبێت.

هێشتا فێری ئەوە نەبووین کاتێک شتێکی هەڵە ئەبینین بەشێوەیەکی زانستیانە ڕەخنەی لێبگرین و لە پاڵ ڕەخنەکەش چارەسەرەکەی دەستنیشان بکەین، تەنها دەزانین بەشێوەی ناشیرین ڕەخنە بگرین هێرش بکەینە سەر سەرکردایەتی کورد و داوای ڕووخانی ئەو ئەزموونە بکەین.

ئەگەر بگەڕێین بەشوێن ڕاستیەکاندا زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕەخنانە نادروستن تەنها بۆ شێواندنی ئەزموونی کوردستانە، جا ئەوەش بێگومان دەستی لەپشتە هەر لە وولآتانی دراوسێ و ئەوانەی چاویان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەڵ نایەت.

بەڕێزان من ناڵێم کەم و کوڕی نیە، بێ گومان هیچ کەس بێ کەم و کووڕی نابێت و ئەزموونی هەرێمی کوردستانیش بێ کەم و کوڕی نیەو سەرکردایەتی کوردیش ئەوەیان سەلماندووە، بێ گومان وولآتێک بە 15 تا 20 ساڵ ناتوانێت ببێتە وولآتێکی بێ کەم و کوڕی و هەمووشتی تیا فەراهەم بکرێت، نموونەش زۆرە بەریتانیا سەدان سالی پێ چوو تا گەیشتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ و گەندەڵیشی تیا هەیە تا ئێستاش نموونە وەزیری ناوخۆی ئەو وولآتە (دیڤید بلانکێت) لەسەرچی لابرا، بەهەمان شێوە ئەڵمانیا و هۆڵەندا و سوید و نەرویج و زۆربەی وولآتانی تری ئەوروپی.

ئێمەی کورد زۆر بەپەلەین لە ژیاندا بیرمان زۆر تەسکە و بچووکە، ئەوەی کە دەبینرێت کوردانی هەندەران لە 90% لە دوای 1994 هاتۆتە دەرەوە هێشتا لە ئەزمونی دیموکراسی و مافی مرۆڤ نەگەیشتوە دەیەوێت کوردستان یەکسەر ببێت بە ئەوروپا!! وا دەزانێ ئەم وولآتانە هەموی بەیەک ڕۆژ وایان لێ هاتووە.

بەڕێزان ئەزموونی دیموکراسی لەهەموو جیهاندا کاتێک وولآتێک سەربەخۆ دەبێت کاتێکی زۆری دەوێت تا دەگاتە سەرباری ڕاستەقینە و جێ پێی خۆی دادەکوتێت، .

ئێمە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە ئایا بە جنێو دان و سوکایەتی کردن بە سەرکردایەتی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەینە چارەسەر بۆ ئەو کێشانە؟ یان بە شێوازی زانستی و ڕۆشنبیری بتوانین ڕەخنە لە هەڵەکان بگرین و لەتەنیشتیشیەوە ئاماژە بە چارەسەرەکان بدەین.

بێ گومان لەسەرتاسەری جیهاندا دیموکراسی ڕاستەقینە نیە گوێگرتنی 100% لە میللەت نیە بەڵکو بیرکردنەوە لە دەستکەوت بۆ وولآت هەیە لەلایەن سەرکردەکانەوە بۆ نموونە لە ئەمریکا بە ملێۆنەها جەماوەر کەوتە سەرشەقامەکان دژ بە هێرش کردنە سەر عێراق بەڵام حکومەت وەڵامی نەدانەوە بەهەمان شێوە لە بریتانیا و وەڵامیان نەدرایەوە چونکە سوود و دەسکەوتی ئەو وولآتانە زیاتر بوو کە هێرش بکرێت، دەباشە ئەگەر دیموکراسی ڕاستەقینەی 100% هەیە بۆ ئەو حکومەتانە گوێیان لە دەنگی جەماوەر نەگرت؟!! کەواتە سەرکردایەتی کوردیش هەندێ جار کە گوێ ناگرێت لەهەندێک شت بەرژەوەندی گەلی کورد و هەرێمی کوردستانی تێدایە.

بەداخەوە لەزۆر کەس ئەبیستین کە جنێو دان و سوکایەتی کردن بەسەرکردایەتی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان شتێکی ئاساییە، کاتێک لێی دەپرسی بەڵگەت چییە بۆ ئەم قسانە؟ ئەڵێ ئەوە نیە ڕۆژانە جنێو بە بۆش و تۆنی بلێر و... هتد دەدرێت.... من دەڵێم بەڕێزم لای ئەوانیش ئەگەر ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سوکایەتیەی ئێوە بە حکومەت و تاکی کەس بکەن سزا ئەدرێن و لێپێچینەوەی لەگەڵدا ئەکرێت بەڵام من و تۆ نایزانین و نایبینین، لە ئەوروپاو وولاتانی تریش زۆر کار دەکرێت دووره لە چاوی ڕاگەیاندن.
حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا ساوایە چونکە ئەم حکومەتە لە سفرەوە دروست بووە وەکو وولاتانی تر نەبووە پێش وەخت بوبێت و گروپێکی تر هاتبێتە جێگای، هەمان ئەوپێشمەرگە قارەمانانە ئەم حکومەتەیان پێک هێنا کە میللەتی کورد شانازی پێوە دەکردن و بە پێشڕەوی خۆی دەزانین، بەڵام بەداخەوە هەندێک قەڵەم فرۆش و کۆنەجاش و سوودمەندانی بەعس ئەیانەوێت لەژێر ناوی ڕەخنە و ڕەخنە کاری ئەزموونی کوردستان بشێوێنن چونکە ئەو سوودەی کە پێشتر هەیان بوو لای ئاغاکانیان ئەمڕۆ نەیان ماوە، وە ئەزموونی ئیسلامیە توند و تیژەکانیشمان لەبەرچاوە لە بیارەو تەوێڵە و هەڵەبجە چیان کرد بەرامبەر بە خەڵکی ئەو ناوچەیە، ئەمڕۆش لەژێر پەردەی ڕەخنە گرتن بە ناوی ئازادیخوازی و دیموکراسی دێن هێرشی نارەواو سوکایەتی بە حکومەت و سەرکردایەتی کورد دەکەن.
بەڕێزان من ناڵێم کەس ڕەخنە نەگرێت و هەر بڵێی بژی و دەست خۆش، بەڵام لەپاڵ ڕەخنەکانیشمان با دەستخۆشیش لە کارەچاکەکانیان بکەین و ڕێگاچارەی ڕاست و زانستیانەش دەستنیشان بکەین بۆ ڕەخنەو کەم و کورتیەکان.
لەگەڵ ڕێزم بۆ گشت لایەک.

لەندەن
2007 .07 .12

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.